ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شیکردنەوەی Norton Antivirus 2005.

نووسەر: :@

شیکردنەوەی Norton Antivirus 2005.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم پرۆگرامی دژە ڤایرۆس Norton بە پێی پێویست شی بکەمەوە، سەرچاوەی بیرۆکەی من بۆ شیکردنەوەی ئەم پرۆگرامە دوو شت بوو، یەکەم> لە دەنگدانێکی پێشووی ماڵپەڕی هەموو بۆ کوردان دا وا دەرکەوت کە زۆربەی میوانانی ماڵپەڕەکەمان ئەم پرۆگرامە بەکار دێنن بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکانیان.
لێرە دەنگدانەکە ببینە.
دووەم> ئەوە بوو کە وەشانی 2005ی ئەم پرۆگرامە بەڕاستی جێی بەکارهێنانە و زۆر ڕێکوپێکە. قەبارەکەی لە هی وەشانی پێشتری زۆر بچووکترە و کارکردنی لەسەر سیستەم زۆر سووک و ئاسانە.
ئەگەر Norton Antivirus 2005ت نیە، دەتوانی لە ڕێی کڕینی سیدی هەموو بۆ کوردان ـەوە وەدەستی بێنی، یان لەم بەستەرەی تۆرێنتەوە دایبگرێت.
بۆ چۆنیەتی داگرتنی پەڕگەکانی تۆرێنت ئێرە کرتە بکە.
دڵنیام لە کارکردنی ئەو وەشانی سەر سیدیەکەی هەمو بۆ کوردان، بەڵام لە کارکردن و بێ کێشەیی ئەوەی سەرەوە دڵنیا نیم.
پرۆگرامەکە وەک وەشانی پێشووی پێویستی بە چالاک کردنە، بەڵام شێوەی چالاک کردنی لەگەڵ هی وەشانی پێشتری دا جیاوازی نیە، بۆ چالاک کردنی وەشانی 2004 دەتوانی سەردانێکی ئەم بەستەرە بکەیت.
چالاک کردنی Norton Antivirus 2004 Pro.
پاش دامەزراندن و چالاک کردنی پرۆگرامەکە و داگرتنی هەموو داگرتنە پێویستەکانی، بیکەوە،




وەک ئەوەی نیو وێنەی سەرەوە دەبێت، لەوانەیە جیاوازیەکی هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە لە تەنیشت System Staus ـەوە نووسرابێت Attention هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمەکەت بەتەواوی چێک نەکردووە. یان لەوانەیە هەڵەیەک ڕووی دابێت لە کاتی دامەزراندنی پرۆگرامەکە دا و بە تەواوی کار نەکات.
Status / ئاست.
1> Status، ئاستی کارکردنی پرۆگرامەکە.
2> System Status: OK، ئاستی سیستەمی کارکردن، بێ کێشەیە.
3> Auto Protect، پاراستنی خۆکار. کار دەکات، ئەگەر ئەو خاڵە چالاک نەبێت یان کار نەکات مانای وایە کۆمپیوتەرەکەت پارێزراو نیە و ترسی تووشبوونی بە ڤایرۆس زۆر زۆرە.

4> پاراستن لە کرمەکانی ئینتەرنێت، ئەم تایبەتمەندیە پرۆگرامی Norton Internet Security کاری پێدەکات، (لەکاتێکدا کە ئەو پرۆگرامە دامەزرابێت). ئەگەر نە پرۆگرامەکە خۆی جێبەجێی دەکات.
5> چێک کردنی ئەو پۆستە ئەلەکترۆنیانەی کە وەردەگیردرێن و دەنێردرێن.
6> چێک کردنی تەواوی سیستەم، باشتر وایە کە حەفتەیەک یەکجار یان مانگی یەکجار ئەو جۆرە چێکە ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە خاوێنی کۆمپیوتەر.
7> بەرگریەکانی ڤایرۆسەکان، نابێ ئەو بەرگریانەی کە داگیردراون کۆن بن، بۆ ئەوەی پرۆگرامەکە بتوانێ کۆمپیوتەر بپارێزێ لە دواترین و نوێترین ڤایرۆسەکان. بۆ ئەوەش دڵنیابیت لەوەی کە پرۆگرامەکەت دواترین بەرگریەکانی هەیە، دەتوانی کرتە بکە سەر Live Update و ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکە.
8> کاتی نوێکردنەوەی پرۆگرامەکە، یان ئەو کاتەی کە دەبێ سەرلەنوێ پرۆگرامەکە تازە بکەیتەوە یان نوێی بکەیتەوە بۆ ئەوەی بتوانی بەدەوام بیت لە بەکاربردنی. کاتی بەکاربردنی پرۆگرامەکە پاش دامەزراندن بە شێوەیەکی ئاسایی 1 ساڵە، بەڵام دەکرێت ئەو یەک ساڵە زۆر بکرێت و تەمەنی Norton درێژتر بکرێت، (لە کۆتایی وانەکەدا شی دەکەمەوە).
9> Automatic Live Updatre، نوێکردنەوە یان داگرتنی نوێکاری و بەرگریەکان بە شێوەیەکی خۆکار. لەوانەیە هەندێک جار کێشە دروست بێت لەم خاڵەدا، کێشەکان یەکجۆر نین، بەڵام ئەوەی کە زۆر بەناوبانگە ئەوەیە کە پرۆگرامەکە ناتوانێ داگرتنەکان لە ماڵپەڕی پرۆگرامەکەوە دابگرێت. هەندێک جار بە دامەزراندنی ئامرازی نوێی داگرتنی ئەو پرۆگرامەوە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، بۆ داگرتنی نوێترین وەشانی ئامرزای Live Updateی نۆرتۆن دەتوانی کرتە بکەیتە سەر بەستەری خوارەوە.
Norton Live Update

Scan For Viruses / چێک کردن بۆ ڤایرۆس.




11> چێک کردنی هەموو کۆمپیوتەر، واتە هەموو بەشەکانی دەگرێتەوە بە گشتیی.
12> چێکردنی بەشە دەرەکیەکان یان ئەو بەشانەی کە لە پەپکەی ڕەقی کۆمپیوتەرەکەوە وەدەرەوەن.
13> چێک کردنی پەپکەی نەرم / Floppy Disk.
14> چێک کردنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر وەک کاڵای ڕەق / Hard Disk یان CD Rom.
15> چێک کردنی بوخچە.
16> چێک کردنی پەڕگە.
17> Scedule، واتە پرۆگرامکردنی Norton بۆ چێک کردن لە کاتی ویستراو دا، هەروەها دەستنیشان کردنی ئەو بەشانەی کە چێک بکرێن. Norton Antivirus بە شێوەیەکی ئاسایی خۆی پرۆگرام کراوە بۆ ئەوەی چێک کردنێکی گشتیی تەواوی کۆمپیوتەر هەموو حەفتەیەک جێبەجێ بکات.
18> چێک کردنێک کە ئەو پەڕگە و بوخچە ویستراوانە چێک بکات پێکەوە.

Reports / ڕاپۆرتەکان.




ئەم بەشە زانیاری سەبارەت بۆ نۆرتۆن و کارە جێبەجێکراوەکانی لە خۆ گرتووە، هەروەها زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسەکان.

<20 ئەو پەڕگانەی کە تووشی ڤایرۆس بوون، لێرەدا کۆدەبنەوە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەیان.

<21 بینینی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسەکان لە سەر ماڵپەڕی نۆرتۆن.

<22 بینی زانیاریە پاشەکەوتکراوەکان سەبارەت بە کارەکانی Norton Antivirus.

کۆتایی بەشی یەکەم.

بەشی دووەم و کۆتایی.

---

Oct 2005 13

**Tighten Sagging Skin**
**30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin**

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

Ads by Google